# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز کاک جەعفەری حەسەنپوور

**ناسر نەسیمی**

بەڕیز کاک جەعفەری حەسەنپوور لە ماڵپەڕی هەڵوێست بابەتیکی بڵاوکردووەتەوە بە ناوی ( چەند تێبینیەکی کورت لەسەر هێرشی یەکێک لە ئەندامانی **دەستەی کاک ئیبراهیم عەلیزادە** بۆ سەر جیاوازبیریێک ) کە چەند سەرنجێکی لەلام دروستکرد . لێرەدا من نامەوێت بچمە ناو وردەکاری ڕوودانی ئەو کێشەیە چونکە بە ئەرکی خۆمی نازانم ، هەرچەندە وەک مرۆڤێک گەلێک بەو کێشەیە بێزار بووم . بەڵام ئەوەی کە لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە کاک حەعفەر بۆ خۆی پێشتر لە ڕیزی کۆمەڵەدا بووە ، و بە باشی شارەزای ئەو ڕەوتە جیاوازانەیە کە بە ناو کۆمەڵەوە کار دەکەن ، تەنانەت وەک تاکە کەسیش زۆربەی ئەو کەسانە دەناسێت کە لە ڕیزی ڕەهبەری ئەو ڕەوتانەدان ، بەڵام بەداخەوە ڕوو بە خوێنەران بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵە ( سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ) لە ئاستێکی نزمی سیاسی ، فەرهەنگی ، عەشیرەتی کەڵک وەردەگرێت و کۆمەڵە وەکو دەستەی کاک ئیبراهیم ناو دەبات ، و دەیەوێت کە ئەم ڕێکخراوە سیاسییە ناسراوە ، لە ناو بزووتنەوەی جەماوەری کوردستانی ئێراندا ، وەکو دەستەیەکی بچووک بە خوێنەر بناسێنێت ، کە هیچ بنەمایەکی سیاسی ڕێکخراوەیی نییە و شوێنکەوتووی **تاکە کەسێکە** کە ئەویش کاک ئیبراهیم عەلیزادەیە !! بەم شێوەیە کاک حەعفەر هەوڵدەدات کە سیمایەکی نادروست لە کۆمەڵە بە جەماوەر نیشان بدات ، و کێشەی ڕەوتە جیاوازەکان کە بە ناو کۆمەڵەوە کار دەکەن لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی ماددی واقیعی نیشان نادات و زۆر ئاگاهانە دەیەوێت ڕواڵەتی کۆمەڵە وەکو ڕەوتێکی چەپ و کۆمۆنیست کە لە کوردستاندا ناسراوە بشێوێنێت . من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە کاک چەعفەر ئەم ئەدەبیاتە ڕوو بە ئەحزابی نەتەوەیی لە کوردستاندا بەکار ناهێنێت ، بەڵام کاتێک کە باسی کۆمەڵە دەکات ئەو ئاستە لە ئەدەبیات بەکاردەهێنێت کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی خۆی لەگەڵ ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیست لە کوردستاندا. لە کۆمەڵەدا کە باسی باڵە جیاجیاکانی هەر ڕەوتێکی سیاسی بکرێت بە تەواوی ناویان دەبەن ، ئیتر وەکو **دەستەی** ئەم یان ئەو ناو نابرێن !! چونکە ئەمە فەرهەنگی عەشیرەتییە و تەوزیحی جیاوازی بیر و بۆچوون نییە . من لەوەدا لەگەڵتدام کە ڕەخنەگرتن لە حیزبەکان و ڕەهبەرەکانیان سووکایەتی نییە ، بەڵام ئاراستەی پرسیارم هەر لە تۆی بەڕێز دەکەم ، بەبێ هیچ دەمارگرژی و بەرچاوتەنگییەک چ لە ناو بزووتنەوەی چەپ یان لە ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ئەحزاب و ڕێکخراوەکانیان ، کامەیان بە ئەندازەی کۆمەڵە لەگەڵ وشە و میکانیزمی ڕەخنەدا ئاشنان و وەکو شێوازێکی مۆدیرن بۆ دەرخستنی کەم و کوڕی بەکار هاتبێت؟؟ فەرهەنگی ڕەخنە و ڕەخنەگەری یەکێک لە ناسنامە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵە بوو .

کاک جەعفەر دەڵێت ( ئەگەر هوشیار نەبین و بێزاری خۆمان دەرنەبڕین ، لێدان دەکەنە چەک ) لێرەدا دەردەکەوێت کە کاک جەعفەر زۆر ئاگاداری شێوازی جیابوونەوەکانی ساڵی 1991 و هەروەها ساڵی 2000 لە کۆمەڵەدا نییە ، مەبەستم بنەما سیاسییەکان نییە بەڵکو شێوازی پرۆسەی جیابوونەوەکانە کە چەند بەرپرسانە و موتەمەدینانە بە بێ ئەوەی دەست بۆ چەک ببرێت ئەنجامدران ، کەواتە ئەم نیگەرانییانەی کاک جەعفەر لە شوێن خۆیدا نییە . لە کۆتاییدا دەمەوێت کە ئاماژە بەوە بکەم ، کە بۆچی دەبێت کێشەی شەخسی نێوان دوو کەس کە ئیمکانی هەیە لەهەر شوێنێکدا ڕوو بدات و بەرەو هەر ئاقارێک بڕوات بکرێت بە کێشەی ڕێکخراوەیەکی سیاسی ؟؟ کاک جەعفەر دەیهەوێت کە کێشەی نێوان دووکەس بکات بە کێشە بۆ کۆمەڵە و لایەنە جیاوازەکان . بەڕێز کاک جەعفەر پێم وابێت کۆمەڵە دەبێت بچێتە ناو کێشە واقیعی و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ڕەوتی خەباتی جەماوەری هەیە ، پێم وایە بۆ خۆت باش دەزانیت ، کە یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمەڵە ، بەرگری لە حورمەت و کەرامەتی مرۆڤە و بە ڕوونی لە بەیانییەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستاندا

**ئاماژەی پێکراوە ، جا هەر بۆیە ، هەر کێشە و ڕووداوێک کە ببێتە هۆی سووکایەتی پێکردنی هەر ئینسانێک مەحکوومە .**

2008 / 6/16

**ستۆکهۆڵم**